# زەکاتی پشکە بازرگانیەکان

# زكاة الأسهم التجارية

< kurdish - كردي - کوردی >


شێخ عبد الله کوڕی عبد الرحمن الجبرین

الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين



وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# زەکاتی پشکە بازرگانیەکان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد اللە بن عبد الرحمن الجبرین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کراوە:

**پرسیار:** ئەگەر کەسێك چەند پشکێکی هەبێت لە کۆمپانیایەکی پشکە هاوبەشەکان، ئەو کۆمپانیایە لای خۆیەوە زەکاتی ئەو پشکانە هەمووی دەردەکات، ئایا کەسی خاوەن پشك لەسەری پێویستە جارێکی تر زەکاتی پشکەکانی خۆی دەربکاتەوە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

نەخێر پێویست و واجب نیە ئەو کەسە جارێکی تر زەکاتی پشکەکانی خۆی دەربکاتەوە، چونکە ماڵوسامان دوو جار زەکاتی لێ دەرناکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کۆمپانیایە تەنها زەکاتی پشکەکانیان دەرکردبێت و وازیان هێنا بێت لە زەکاتی قازانجی پشکەکان، ئەوا ئەو کەسەی کە خاوەن پشکە هەر کاتێك قازانجەکانی وەرگرت زەکاتی قازانجەکەی دەربکات، جا ئەگەر هاتوو ئەو کۆمپانیایە سەرمایەی کۆمپانیاکەی دابێت بە ئەدەوات و مەکائن، یان بە عەقارات بۆ بەکرێدان، یان بۆ بەکارهێنان، ئەوا ئەو سەرمایەی کۆمپانیایە زەکاتی لێ دەرناکرێت، بەڵکو تەنها زەکات لەو قازانجەی کە بەدەستی هێناوە دەکەوێت، یان لەو کرێیەی کە وەریان دەگرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو سەرمایەی ئەو کۆمپانیاکە هەمووی لە بازرگانی کردندا بێت، بە شێوەیەك بدرێت بە کەلو وپەل وئەدوات وپاشان ئەو کەلو پەل وئەدواتانە بفرۆشێتەوە بۆ ئەوەی لە جیاوازی نرخەکانیاندا قازانجێکی دەست بکەوێت، ئەوا زەکاتەکەی لە هەموو سەرمایەکە دەدرێت، وەك زەکاتی ماڵی بازرگانی.

خوای گەورەش زاناترە ..